## "تاوانکاریی ڕق و کینە" چییە؟

**تاوانکاریی ڕق و کینە** (Hate Crime – هێیت کرایم) بریتیە لە هەر تاوانێکی توندوتیژیی یان زیانپێگەیاندن، کە لەسەر بناغەی هەر کام لە ئەو هۆکارانەی خوارەوە لە دژی خۆت یان لە دژی ئەندامانی خێزانت یان لە دژی موڵک وماڵت دەکرێت:

- ئەگەر بە هۆی نەتەوەت، ڕەگەز و ڕەچەڵەکت یان ڕەنگی پێستت بێت، ئەوا پێی دەگووترێت **تاوانکاریی ڕق و کینەی ڕەگەزپەرستانە**،
- ئەگەر بە هۆی باری حەزی سێکسییت بێت، ئەوا پێی دەگووترێت **تاوانکاریی ڕق و کینەی هۆمۆفۆبیک**،
- ئەگەر بە هۆی بیروباوەڕی ئایینیتەوە بێت، ئەوا پێی دەگووترێت **تاوانکاریی ڕق و کینەی ئایینی**،
- ئەگەر بە هۆی کەمئەندامییتەوە بێت، ئەوا پێی دەگووترێت **تاوانکاریی ڕق و کینەی کەمئەندامێتی.**

**تاوانکاریی ڕق و کینە** بریتیە لە پێشێلکردنی مافە شەخسییەکان و مافە مەدەنییەکانت. تاوانکاریی ڕق و کینە مەرج نیە کە هەر بەرامبەر تاکەکەس بکرێت، بەڵکو ئەوانەشە کە بەرامبەر گروپ و کۆمەڵانێکی دیاریکراوی خەڵک دەکرێت. هەروەها هێرشکردنە سەر کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان بە تاوانکاریی ڕق و کینە دادەنرێت. زۆرە گرنگە کە خەبەر لەبارەی ئەم جۆرە ڕووداو و تاوانکارییانەوە بدرێت چونکە تەنها لە حاڵەتێکدا دامودەزگاکان دەتوانن کاری پێویست دەربارەی بکەن ئەگەر لەبارەیەوە ئاگادار بکرێنەوە و خەبەر لەبارەیەوە بدرێت. هیچ کەسێک مافی ئەوەی نیە کە بە هۆی ڕەگەز و کەسایەتییت یان بە هۆی ئەوەی کە لە چ وڵاتێکەوە هاتوویت هەراسانت بکات، یان هەڕەشەت لێبکات وە یاخود دەستدرێژییت بکاتە سەر.

## چۆن دەتوانم سەبارەت بە تاوانکاریی ڕق و کینە خەبەر بدەم؟

ئەگەر تۆ یان ئەندامێکی خێزانەکەت یاخود هەر هاوڕێیەکت بوونە قووربانیی **تاوانی ڕق و کینە**، ئەوا دەتوانیت سەردانی هەر کام لە ئۆفیسەکانی **دەزگای خانووبەرەی وێست نۆرس وێست هۆمس** بکەیت و بە هەر کام لە کارمەندەکانمان بڵێیت و لەبارەیەوە ئاگاداریان بکەیتەوە.

هەروەها ئەگەر بتەوێت دەتوانیت داوا بکەیت کە یەکێک لە کارمەندەکانمان بێت بۆ ماڵەکەت و لەوێ سەبارەت بە تاوانکارییەکەی ڕق و کینە ئاگاداری بکەیتەوە و پێی بڵێیت.

هەروەها بۆ خەبەردان دەتوانیت لەسەر ژمارەی 1625 138 0800 تەلەفۆن بۆ **دەزگای بنبڕکردنی تاوانکاریی ڕق و کینە لە بەریتانیا** (Stop Hate Crime UK – ستۆپ هێیت کرایم یوکەی) بکەیت.

بەڵام ئەگەر حاڵەتەکە ئیمێرژنسی و لێقەومان بوو ئەوا تەلەفۆن بۆ 999 بکە و داوای پۆلیس بکە.

## پاش ئەوەی سەبارەت بە تاوانکاریی ڕق و کینە خەبەر دەدەم، ئەمجا چی ڕوودەدات؟

ئەگەر ئێمە بزانین ئەو کەسەی کە گوایە تاوانکارییەکەی ڕق و کینەی ئەنجام داوە کێیە و ئەو کەسە کرێچییەکی دەزگاکەی ئێمە بێت، ئەوا ئێمە لە مەسەلەکە دەکۆڵینەوە و بە دوای دەکەوین.

ئەگەر بتەوێت دامودەزگاکانی تریش لە مەسەلەکەدا بەشداریی بکەن، ئەوا ئێمە زانیارییە پێویستەکان بە پۆلیس و بە **دەزگای بنبڕکردنی تاوانکاریی ڕق و کینە لە بەریتانیا** و بە **دەزگای پشتگیریی قووربانی** (ڤیکتەم سەپۆرت) دەدەین. ئەمجا ئەوان خۆیان پەیوەندییت پێوە دەکەن.

پاشتر کە مەسەلەکە چارەسەر کرا، **دەزگای خانووبەرەی وێست نۆرس وێست هۆمس** فۆرمێکی ڕەزامەندیی کرێچییت بۆ دەنێرێت بۆ ئەوەی پڕی بکەیتەوە و بینێریتەوە.

# **ڕەشنووسی ستاندەردەکانی خزمەتگوزاریی تاوانکاریی ڕق و کینە**

وەکو بەشێک لە پابەندیی **دەزگای خانووبەرەی وێست نۆرس وێست هۆمس** بۆ بەرەنگاربوونەوە لە دژی **تاوانکاریی ڕق و کینە**، ستاندەردەکانی خزمەتگوزاریی ئێمە بە ئەم جۆرەی خوارەوەیە:

- لە هەمان ئەو ڕۆژەی خەبەر دەربارەی **تاوانکاریی ڕق و کینە** دەدرێت، ئێمە کاری پێویست لەبارەیەوە دەست پێدەکەین
- لە ماوەی 2 ڕۆژی کار پاش خەبەردان دەربارەی **تاوانکاریی ڕق و کینە** و پاش وەرگرتنی مۆڵەت و ڕەزامەندیی لە خودی کەسەکە، ئێمە زانیارییەکان بە پۆلیس و بە **بەشی ڕەفتاری دژ بە کۆمەڵ** و بە هەموو دامودەزگا و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر دەدەین
- ئێمە زانیاریی و ڕێنمایی دەربارەی ئەو یارمەتی و پشتگیریانەی بۆ قووربانییەکانی **تاوانکاریی ڕق و کینە** لە ئارادان دابین دەکەین
- لە ماوەی 5 ڕۆژی کار پاش خەبەردان لە **تاوانکاریی ڕق و کینە**، سەبارەت بە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی کار و لێکۆڵینەوەکان ئاگادارت دەکەینەوە
- ئەگەر پێویست بکات کاروباری وەرگێڕان و موتەرجیم دابین دەکەین
- هەر نووسینێکی ڕەگەزپەرستانە یان هۆمۆفۆبیک لەسەر دیوار و شوێنە گشتییەکان نووسرابێت، ئێمە لە ماوەی 24 سەعاتدا دەیانسڕینەوە
- ئەگەر کەسە تۆمەتبارەکە کرێچیی یەکێک لە **دەزگا بەڕێوەبەرە هاوکارەکان** (ALMO) بێت، ئەوا ئێمە بەند و مەرجەکانی ناو ڕێکەوتنامەی کرێچێتییەکەی دەسەپێنین
- ئەگەر کەسە تۆمەتبارەکە کرێچیی دەزگا و لایەنی تر بێت، ئەوا پاش وەرگرتنی مۆڵەت و ڕەزامەندیی لە کەسەکەی کە تاوانکارییەکەی لە دژ کراوە، بە پێی توانا ئێمە ئامۆژگاریی و ڕێنمایی بە خاوەنماڵی کەسە تۆمەتبارەکە دەدەین و دەربارەی مەسەلەکە ئاگاداری دەکەینەوە
- ماوە بە ماوە و بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوە لە دژی **تاوانکاریی ڕق و کینە**، کۆبوونەوەی هاوبەش لەگەڵ پۆلیس و دەزگا پەیوەندیدارەکانی تر ساز دەکەین
- ماوە بە ماوە ڕاهێنانی پێویست لە بواری **تاوانکاریی ڕق و کینەدا** بۆ کارمەندەکانمان ڕێک دەخەین و دابین دەکەین
- هەر 4 مانگ جارێک چاودێریی و پێداچوونەوە بە ئاماری ڕووداوەکانی **تاوانکاریی ڕق و کینە** و **فۆرمەکانی ڕەزامەندیی کرێچییەکاندا** دەکەینەوە و ئەمجا ئەو زانیاریانە بۆ داڕشتن و برەوپێدانی کارنامەکانی داهاتوومان بەکار دەهێنین
- هەر 4 مانگ جارێک زانیاریی بەسوود دەربارەی **تاوانکاریی ڕق و کینە** بە کرێچییەکان و کارمەندەکانمان دەدەین
- هەر 4 مانگ جارێک ڕاپۆرتی تێروتەسەل دەربارەی **تاوانکارییەکانی ڕق و کینە** بە پانێڵەکانی ناوچەی **دەزگای بەڕێوەبەرە هاوکارمان** (ALMO) دەدەین.

*ئەگەر زانیاریی زیاترت دەربارەی **تاوانکاریی ڕق و کینە** دەوێت، ئەوا تکایە پەیوەندیی بە یەکێک لە **ئۆفیسەکانی خانووبەرەی گەڕەک** (نێبەرهوود هاوزین ئۆفیس) بکە.*